# ئاییندەی گۆڕاوە ستراتیژییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەگەری گەڕانەوەی ترامپ

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین،** شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**ترامپ وەک مەتەڵێک بۆ ئەمریکییەکان**

ترامپ چل و پێنجەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە 20/1/2017 – 20/1/2021، لە 14/6/1946 لەدایک بووە. کێشی (110 کلگم)ە. ساڵی 1964 ئەکادیمیای سەربازیی تەواو کردووە. ساڵی 1967 بەکالۆریۆسی لە زانستەکانی ئابووری لە کۆلێژی وارتۆن لە زانکۆی پێنسیلڤانیا بەدەست هێناوە. 3 جار هاوسەرگیریی کردووە؛ دووان لەوان مۆدێلیست بوون، ئەوی تریشیان ئەکتەر؛ لەو سییانە دووانیان خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەورووپی بوون: چیک، سلۆڤینی. 5 منداڵی هەیە. نرخی کۆشکەکەی بە زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلار دەخەمڵێندرێ. لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ڕای گەیاند کە خاوەنی نزیکەی 10 ملیار دۆلارە. ساڵانە نزیکەی 557 ملیۆن دۆلار قازانج دەچێتە سەر سەرمایەکەی. پیاوی کارە لە بواری خانووبەرە و، بایەخیشی بە پیشەسازیی فڕۆکەوانی داوە. لەناودارترین باڵەخانەکانیشی، "ترامپی نێودەوڵەتی"یە کە لە 72 نهۆم پێک هاتووە و دەکەوێتە بەرامبەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان. فڕۆکە تایبەتییەکەی بەهاکەی 7 ملیۆن دۆلارە؛ هەندێ فڕۆکەی تریشی هەیە بەهاکەیان بە 35 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێ. ئەندامە لە لیستی فۆربس بۆ ملیاردێرەکان و ئەندامە لە سەندیکای هونەرمەندانی شاشە. خاوەنی "ڕێکخراوی ترامپ"ە کە گرووپێک کۆمپانیای ئەمریکیی نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرێت؛ ساڵی 1923 لەلایەن باوکییەوە دروست کراوە، بارەگاکەیشی لەناوەندی گەڕەکی مانهاتنی بەناوبانگە لە شاری نیویۆرک. سەر بە "کەنیسەی ئینجیلی مەشیخی"یە و بە مەزهەب پرۆتستانتە، کە یەکێکە لەو ڕێچکانەی زۆر پابەندن بە ئینجیلەوە و ڕاستەوخۆ ڕێنمایی لە کتێبی پیرۆزەوە وەردەگرن. ترامپ زیاتر لە خانووبەرە و پیشەسازیی فڕۆکەوانی و گازینۆکان و شوێنەکانی ڕابواردن لەناو ئەمریکا و دەرەوە وەبەرهێنان دەکات. زیاتر گرنگی بە باڵادەستی و قازانج و دەسەڵات و چۆن دەوڵەمەندبوون دەدات، هەر بۆیە لەو 15 کتێبەی کە هەیەتی، زیاتر لەو بارەوەن.

ترامپ بۆ ئەمریکییەکان و تەواوی دونیا، سەرۆکێکی تا بڵێی سەمەرە و ئاڵۆزە! ئەو بیزنسمانە؛ بە زەینییەتی مامەڵە و قازانج بیر دەکاتەوە: بەوەی چەندی دەست دەکەوێ. ئارەزووی خۆدەرخستنی لە شاشەکانەوە زۆرە. تا بڵێی ڕاشکاوانە دەدوێ. یەکەمین سەرۆکی ئەمریکایە کە خزمەتی سەربازیی نەکردبێ. هیچ جۆرە چالاکییەکی سیاسیی نییە تا ساڵی 2000. کەسێکی پۆپۆلیستە، کۆنسێرڤاتیستە، گۆشەگیرە و تاقەتی کۆبوونەوە و گفتوگۆی درێژخایەنی نییە و حەوسەڵەی زۆر کەمە؛ ئارەزوو دەکا بەس گوێی بۆ بگیرێ نەک بەپێچەوانەوە. نەتەوەپەرستێکی توندڕەوە. ڕەگەزپەرستە و زۆر کەیفی بە کارکردن لەگەڵ ئافرەت نایەت. تا بڵێی چاوچنۆک و بەتەماحە. دانایی لە کارەکانیدا لاوازە. وەلائی بۆ هیچ کەسێک نییە تا ڕازییان بکات و، زووش بڕیار دەدات و ئامۆژگارییش قبووڵ ناکات. زۆر هەستیارە و بە بچووکترین شت تووڕە دەبێ. زۆر بوێرە و، هەمیشە عەودالی شکۆداری و کاری مەترسیدار و ورووژێنەرە و ڕەخنەیش قبووڵ ناکات و،

شەرمن نییە و، ترسی لە ڕووبەڕووبوونەوە نییە و، بایەخ بە هەست و سۆزی بەرامبەرەکەی نادات و هەمیشە بە دیدێکی دوژمنانەوە مامەڵە لەگەڵ ڕکابەرەکانیدا دەکات، یان هەر کەسێک کە لەگەڵیدا هاوڕا نەبێ. تەنیا بەرژوەندیی خۆی لا مەبەستە، هەر بۆیە لە سەرۆکایەتییش تەنیا بەرژەوەندیی ئەمریکای دەویست و دروشمی "لە پێشدا ئەمریکا" کە بۆ دووەمین جارە لە دوای "فرانکلین ڕۆزڤێلت"، سی و دووەمین سەرۆکی ئەو وڵاتە، بەکار دێتەوە.

کەسایەتیی ترامپ لەلایەن پسپۆرانی ئەمریکییەوە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، هەر بۆیە زۆرێک لە "زانایان و مێژوونووسان"ی ئەمریکی، ترامپ بە یەکێک لە خراپترین سەرۆکەکانی ئەمریکا ئەژمار دەکەن. کتێبی "حاڵەتی ترامپی ترسناک"یش کە لەلایەن گۆڤاری "نیویۆرک تایمز"ەوە ئامادە کرابووو، یەکێک بوو لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی ساڵی 2017؛ کە لە دووتوێیدا 27 ڕاپۆرت لەلایەن "پزیشک و پسپۆرانی دەروونی"یەوە ئامادە کرابوو و، تێیدا حاڵەتی دەروونیی ترامپ بە مەترسیدار دەبینن و پێیان وایە کاریگەریی نەرێنیی بۆ سەر ئەمریکاش لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیە بەهۆی ڕەفتارەکانییەوە بوو کە 37 تۆمەتی جیاجیای بدەنە پاڵ، لەوانەیش: گلدانەوەی بەڵگەنامەی نهێنی بەبێ مۆڵەت، ئاستەنگنانەوە بۆ ڕەوشی دادپەروەری، شاردنەوەی بەڵگەنامەکان، بڵاوکردنەوەی هەندێ نووسراوی ساختە لە بەردەم دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی یاسا، گێچەڵی سێکسی، چەندان سەرپێچی و لادانی ئەخلاقی و ئابڕووبەرانە لە سەروبەندی پەیوەندییە لادەرەکانی لە دەرەوەی خێزان، تایبەت لەگەڵ ئەکتەرانی پۆرن.

**ئەدی بۆچی سەرباری ئەوەیش هەر ڕکابەرێکی بەهێزە؟**

سەرباری ئەو تۆمەت و هەڵسەنگاندنە نەرێنییانەی کە بۆ سەرۆک ترامپ کراوە و دەکرێ، بەڵام تا ئێستا لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، کاندیدێکی بێڕکابەرە لەسەر ئاستی حزبی کۆماری و، سەرسەختێکیشە لە بەردەم ڕکابەرەکەی لە حزبی دیموکرات و، بە ڕکابەرێکی بەهێز ماوەتەوە چونکە:

- توانای بەرجەستەکردن و دەربڕینی پەیامی کۆمارییەکانی هەیە بەڕاشکاوی و ڕوون.
- هەر لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیەوە توانای بەرجەستەکردنی پەیامی کۆنسێرڤاتیستە ڕاستڕەوەکانی هەبووە، هەر بۆیە لەلایەن ڕاستڕەوەکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ و هەوڵی سەرکەوتنی بۆ دەدەن؛ چونکە ئەو باشترین کاندیدە بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای کۆنسێرفاتیستە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان؛ کە ئەمە خاڵێکی زۆر میحوەرییە بۆ ناوەوەی ئەمریکا.
- جەختکردنەوەی لەسەر ناوخۆی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی، پێش هەموو لایەنێک.
- لە سیاسەت و ستراتیژییەتەکانیدا پشتیوانیی تەواوی ئیسرائیل دەکات؛ بەمەیش سەرمایەدار و زۆرینەی میدیای ئەمریکی دۆستیەتی.
- بۆ دەرەوەی ئەمریکا تەنیا بایەخ بە مانەوەی ئەمریکا دەدات بە بەهێزی و دەستکەوتنی قازانجی زیاتر؛ هەر بۆیە زۆر بەکەمی جەخت لە دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ دەکاتەوە.

**کۆنسێرڤاتیستە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان و پڕۆژەی 2025**

پرۆژەیەکی کردارییی هەڵسەنگێنراوی زۆر وردە و، لەلایەن 100 ڕێکخراوی ڕاستڕەوی کۆنسێرڤاتیستی لەڕادەبەدەر توندڕەوی ئەمریکییەوە ئامادە کراوە، کە بە چاودێری و سەرپەرشتیی ڕێکخراوی کەلەپوور (The Heritage Foundation)ئامادە کراوە. پوختەی پرۆژەکە ئەوەیە کە: سەرۆک ترامپ لە ماوەی

سەرۆکایەتیی پێشوویدا نەیتوانی ئەمریکا بەرەو گۆڕانکاریی پێشبینیکراوی ڕێکخراوەکە ئاراستە بکات. بە ڕای ئەوان: دەبووایە ترامپ زیاتر کۆنسێرڤاتیست و توندڕەو بووایە. بە لای ئەوانەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانێکی ڕوون و نەبوونی کەسانی تایبەت و بە ژمارە تەواو کە وەلائیان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە هەبێ.

**پرۆژەکە جەخت لەسەر چارەسەری چوار کەموکورتی دەکاتەوە، ئەویش لەنێو چوار فاکتەری سەرەکییەوە:**

- بوونی ئەجێندایەکی سیاسیی ڕۆشنی تەواو کە دەبێ وەک پلان پەیڕەویی لێ بکرێ.
- بوونی کارمەند و کاربەدەست کە وەلائی تەواویان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە هەبێت.
- بوونی ئەکادیمیایەکی تایبەت بۆ ڕاهێنان لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی، تا ئەو کارمەندانە سەرخستنی جێبەجێکردنی پلانەکە مسۆگەر بکەن.
- بوونی کتێبێک کە تێیدا بەتێروتەسەلی ئاماژە بە ئەجێندای تایبەت و تەواو دیاریکراو بدات کە دەبێ لە ماوەی 180 ڕۆژی سەرەتای دەستبەکاربوونی ترامپ جێبەجێ بکرێن.

ئەو پرۆژە کۆنسێرڤاتیستە توندڕەوە، لە دادبینیی دادگەکانەوە لەلایەن دادوەرە ڕاستڕەوە کۆنسێرڤاتیستەکانەوە دەپارێزرێ، ئەویش لەلایەن دامەزراوەی کۆمەڵگەی فیدراڵییەوە (Federalist Society) سەرپەرشتی دەکرێ، کە زیاتر لە 100 هەزار پارێزەر و یاسایی تێدا ئەندامە؛ لە گەورەترین دەستکەوتەکانیشی ئەوەیە کە پێنج لە دادوەرانی دادگەی باڵای وڵات (The Supreme Court) لای ئەوەوە دەرچوون: بریت کاڤانۆ، نیل گۆرساچ، ئیمی کۆنی باریت، کلارنس تۆماس، سامویێل ئالیتۆ. لەو دادوەرانە، سییانی یەکەم لەلایەن ترامپەوە کاتێک لە سەرۆکایەتیی وڵات بوو، دانراون.

ئەوەی کە جێی بایەخ و تێبینییە، ئەو پرۆژەیە زۆر گرنگی بە گۆڕانکاری لە بونیادی دەوڵەت و دامەزراوەکانی بەگشتی دەدات؛ ئەو گۆڕانکارییانەیش ڕەنگدانەوەی مەترسیداری دەبێ لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا بەگشتی و لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەتایبەتی. ئەو بیرۆکە و پلانانەیش لە کتێبێکی قەبارە گەورە لە دووتوێی 922 لاپەڕەدا بە ناونیشانی دەسەڵاتدان بە سەرکردایەتی: بەڵێنی کۆنسێرڤاتیستەکان (Mandate for Leadership: The Conservative Promise) باس و تۆمار کراون.

بەو پێیە بێت، ترامپ کارەکتەرێکی بەهێزی جێبەجێکردنی ئەجێندای کۆنسێرڤاتیستەکانە و چاوەڕوانی قۆناغێکی توند و ئاشوب لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و چەندان گۆڕانکاریی بونیادی لە کۆمەڵگەی ئەمریکی دەکرێ. "جۆ بایدن"یش هەستی بەو مەترسییە کردووە و لە لێدوانێکیدا پێش زیاتر لە دە ڕۆژ لەمەوبەر سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی مانگی نۆڤەمبەری ئەمساڵ، ڕای گەیاند: چاوەڕوان دەکرێ ئەگەر ترامپ بدۆڕێ، بەرەنجامی هەڵبژاردنەکان قبووڵ نەکات، ئەوەیش کۆمەڵگەی ئەمریکی و ئەزموونی دیموکراسی و هەژموونی بەسەر دونیاوە، تەواو دەخاتە ژێر پرسیار و مەترسییەوە. هەر بۆیە گەڕانەوەی ترامپ ئەوەندەی کە لە بەرژەوەندیی کۆنسێرڤاتیستەکانی ئەمریکایە، هێندە لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکدا نییە.

بنەماکانی پەیامی ترامپ: "یەکەمجار ئەمریکا" ئەوەیە: پاراستنی ئەمریکا لە هەموو مەترسییەک لە ئێستا و

ئایینده، پەرەدان بە خۆشگوزەرانیی ئەمریکا و لەپێشەنگدا هێشتنەوەی، پاراستنی ئاشتی لە هەناوی هێزەوە، پەرەدان بە کاریگەری و هەژموونی ئەمریکا بەسەر دونیاوە. بەڵام خولی سەرۆکایەتییەکەی پێشووی بەوە دەناسرایەوە: بێسەروبەری و لاوازیی ڕێکخستن، جەمبوونی دەسەڵاتەکان لە خۆیدا و گوێنەگرتن بۆ هیچ کام لە ئەندامانی ستافەکەی (هەر بۆیە چەندان وەزیر لە سەردەمی ئەودا بەهۆی جیاوازیی بۆچوونەوە ناچاری وازهێنان کران لە کارەکانیان لەلایەن سەرۆکەوە)، دانانی چەندان کەسی نەشیاو لە شوێنی هەستیار، دانانی کەسانی میلیتار لە چەند پۆستێک لە حکوومەتەکەی، شپرزەیی و پەرتەوازەیی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، کە پێشتر ئەمریکا ئەو حاڵەی بەخۆیەوە نەبینیوە، کەمترین بایەخدان بە دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ، هەڵکشانی ڕەوتی کۆنسێرڤاتیست لەناو حکوومەت و کۆمەڵگەی ئەمریکی، ئەوپەڕی لایەنگیری بۆ بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل، کشانەوە لە دانوستانی بازرگانی بۆ شەراکەتی مەودای زەریا، کشانەوە لە ڕێککەوتننامەی پاریس سەبارەت بە گۆڕانکاریی ژینگە، کشانەوە لە ڕێککەوتننامەی ناوکی لەگەڵ ئێران و هتد.

ترامپ باوەڕی بە بەکارهێنانی هێزی ڕەق (Hard power) هەیە؛ زۆر باوەڕی بە بەدەستهێنانی هێزی زبر یان ڕەق بۆ ئەمریکا هەیە و، بەردەوام هەوڵی بۆ دەدا، چونکە لە زەینییەتی سیاسیی ئەودا ئەو جۆرە لە هێز، ئەمریکا بەرەو بەدەستهێنانی هێزی ڕەها دەبا؛ بەو هێزە ڕەهایەیش سەرکەوتنی ڕەها و تەواو بەدەست دێت. باوەڕی وایە سیاسەتی نێودەوڵەتی، ململانێیە لە پێناو بەدەستهێنانی هێزی زیاتر و هیچی دیکە نا؛ ئەمریکاش لەو ڕووەوە پێویستیی بە دونیا نییە، بەڵکوو هەموو دونیا پێویستیی بە ئەو هەیە. هەر بۆیە لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، خەرجیی بەرگریی وڵاتەکەی بە ڕێژەی 10% زیاد کرد، بەڵام لە بەرامبەردا بوودجەی تەرخانکراو بۆ دیپلۆماسییەت و پەرەپێدانی، بە زیاتر لە 30% کەم کردەوە. لەو ڕوانگەیەوەیش پێداچوونەوەی بە دوو دەیەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا کردەوە و تەنیا جەختی لەسەر ڕکابەریی نێودەوڵەتی دەکردەوە و تەنیا بەرژەوەندیی ئەمریکا جێی بایەخە و هیچی تر نا.

لەو باکگراوندە سیاسییەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سەرۆک ترامپ هیچ بیرۆکەیەکی بۆ دەستێوەردانی مرۆیی نییە، مەگەر کارێک بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە؛ واتە بەرژەوەندیی لە سەروو پەیامی لیبرالییەت و دیموکراسییەتەوە دادەنا. لەوێیشەوە تەنیا پشتی بە ڕا و کاری کەسیی خۆی هەبوو و هەیە؛ ئارەزووی لە هیچ کارێکی بەکۆمەڵ نەبوو و نییە یو هیچ کۆمەکییەکی ئەوتۆشی بۆ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دابین نەکرد.

کەواتە تەنیا بۆچوونی نەتەوەییی "یەکەمجار ئەمریکا"، لە پێشەنگی کار و ئەجێنداکانیەتی. لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەیش گرنگی بە سیاسەتی مامەڵە دەدات و پشت بە توانای کەسێتیی خۆی دەبەستێ نەک پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؛ مەبەستی مامەڵەیەکی خێرایە و، هەروەها ئەوەی کە چەند قازانجی دەست دەکەوێ، نەک بونیادنانی پەیوەندییەکی درێژخایەن. هەر بۆیە تا بڵێی پۆپۆلیستە و تەنیا جەخت لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکاتەوە لە ناوەوە. پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا لە سەردەمی ئەودا بەرەو داکشان چوون.

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زەینییەتی سیاسیی ترامپدا**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی پڕبایەخ و ستراتیژییە بۆ دەوڵەتانی ڕۆژاوا، تایبەت بۆ ئەمریکا. ئەو

ناوچەیە 5 دەریا و 6 کەنداو و 7 دوورگەی تێدایە و، 56.5% یەدەگی نەوتی خاو لە جیهاندا تەنیا لە دەوڵەتانی عەرەبیدایە؛ هەر بۆیە بە کلیلی ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکی دونیا ئەژمار دەکرێ. ئامانجەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەم بوون لە: بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، زاڵبوون بەسەر سەرچاوەکانی وزە، بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، پاراستنی ئاسایش و هەژموونی ئیسرائیل، گەمارۆدانی ئەو هێزانەی کە دژن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بڵاوکردنەوەی بیر و کەلتوور و بەهای ئەمریکی. بەڵام تا ئێستا ئەمریکا نەیتوانیوە ئەو ناوچەیە کۆ بکاتەوە و بیکاتە کوتلەیەکی یەکگرتوو و شوێنکەوتوو بۆ ستراتیژییەتی خۆی. لەوەیش خراپتر، لە سەردەمی ترامپ دووچاری لێکترازانی زیاتر و ئاشوب هات، چونکە تێڕوانینی ترامپ لە سێ ئامانجی سەرەکیدا خۆی دەبینییەوە: نابێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە مۆڵگەیەکی هێور بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، ڕێنەدان بە هەژموونی ئەو هێزانەی کە دژی ئەمریکان لە ناوچەکە، بەتایبەت ئێران و ڕووسیا و چین، کارکردن لەسەر سەقامگیریی بازاڕی وزەی جیهانی.

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ئەمریکا زۆرترین کۆمەکی بە دەوڵەتانی ناوچەکە داوە، بەتایبەت ئەوانەی کە ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە؛ بۆ نموونە لە ساڵی 2021 زیاتر لە 15.6 ملیار دۆلار کۆمەکی ئەمریکایە بۆ جیهان؛ لەو بڕە، 6.5 ملیار دۆلاری بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، واتە 41.6%؛ لە کۆی ئەو 6.5 ملیارە، بڕی 6 ملیاری بۆ تەنیا 3 دەوڵەتە (ئیسرائیل 3.3، میسر 1.4، ئوردن 1.3).

**کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای هاتنەوەی ترامپ بەرەو سەقامگیری دەچێ یان ئاشوب؟** وەڵامەکە ڕوونە، کە بەرەو ئاشوبە. کەواتە گەڕانەوەی ترامپ بۆ ناوچەکە چی دەگەیەنێ؟ زیاتر گوشارخستنە سەر فەڵەستینییەکان بۆ ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکاش وەک نێوانگیر (نێوبژیکار) ڕۆڵ بگێڕێ، بەردەوامبوونی جەنگ لە دژی داعش، نەگەڕانەوە بۆ ڕێککەوتننامەی چەکی ناوکی لەگەڵ ئێران و زیاتر گوشارخستنەسەری، هەڵکشانی توندوتیژی و ڕەوتی دیکتاتۆرییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، برەودان بە دووبەرەکی و ململانێ لە ناوچەکە، بەتایبەت لە نێوان سعوودیا و ئێران. هەر بۆیە لە 45%ی چەکی فرۆشراوی ئەمریکا لە جیهاندا بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە بووە، چونکە ئەمریکا هیچ پرۆژەیەکی نییە بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە لەسەر بنەمای دیموکراسییەت و فەرمانڕەوایی دروست. هەر بۆیە شەپۆلی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و داکشانی دیموکراسییەت ئەگەرێکی بەهێزە؛ سەرهەڵدانەوەی شەپۆلێکی تری جەنگ لە یەمەن و، زیاتر گوشارخستنە سەر ئێران، هەوڵدان بۆ دابڕینی پەیوەندیی عێراق لەگەڵ ئێران و گورزوەشاندنی زیاتر لە ڕەوتە وەلائییەکانی سەر بە ئێران لە عێراق، برەوی زیاتری دەبێ.

**کەواتە هیچ جۆرە چاکسازی و پرۆژەیەکی ئاسایشی هەرێمی و دیموکراسی لە ئارادا نییە** و، تەواوی هەوڵەکانی چاکسازییش بێئاکام مانەوە؛ بۆ نموونە تەنیا لە 2002/12/12 – 2004/6/30 نزیکەی 13 پرۆژەی دەستپێشخەری بۆ ڕیفۆرم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خرانە ڕوو، بەڵام هەموویان بێئەنجام بوون؛ هەموویان کۆک بوون لەسەر: پەرەدان بە دیموکراسییەت و فەرمانڕەوایی دروست، بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەعریفی، فراوانکردنی دەرفەتە ئابوورییەکان. کەواتە ئەوەی کە بیست ساڵە کاری لەسەر دەکرا، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ترامپ بێهوودە کرا.

**دەوڵەتانی کەنداو**

**گەڕانەوەی ترامپ لە بەرژەوەندیی زۆربەی دەوڵەتانی کەنداوە**، وەک: سعوودیا، ئیمارات، بەحرێن، ئوردن، عوممان، وڵاتانی تری عەرەبییش وەک میسر و سوودان و مەغریب سوودمەند دەبن؛ تەنانەت ترامپ بە سیسی، سەرۆکی میسری دەوت: دیکتاتۆرە دڵخوازەکەم! نیویۆرک تایمز ئەوەی ئاشکرا کرد کە ترامپ لە سەرەتای مانگی چواری 2024 پەیوەندیی بە شازادەی جێنشینی سعوودیاوە کردووە و باسیان لە پەیوەندییەکانیان کردووە لە داهاتوودا؛ پێشتریش هەر لە سعوودیا ترامپ بەشداریی لە لووتکەی عەرەبی-ئیسلامی-ئەمریکی کرد کە سعوودیا بۆ ئەمریکای ڕێک خستبوو و توانیی 55 سەرکردەی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی کۆ بکاتەوە. بۆ نموونە گەڕانەوەی ترامپ بۆ سەرۆکایەتی، ئەوە دەگەیەنێ بۆ سعوودیا: تەواوکردنی ئەو ڕێککەوتنەی کردوویانە کە بڕەکەی زیاترە لە 460 ملیار دۆلار (لەو بڕە پارەیە زیاتر لە 110 ملیاری بۆ کڕینی چەکە لە ئەمریکا)، پشتیوانیکردنی سعوودیا دژ بە ئێران و حووسییەکانی یەمەن.

**بەڵام پرسیارە هەستیارەکە ئەوەیە: ئایا لە دوای گەڕانەوەی ترامپ، کام دژواری بۆ دەوڵەتانی کەنداو دێتە ئاراوە؟**

- هەڵکشانی ململانێی ئێران و دەوڵەتانی کەنداو.
- برەودان بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ئیسرائیل. ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو شەشن: ئیمارات، سعوودیا، عوممان، قەتەر، کوێت، بەحرێن؛ لەو دەوڵەتانە تەنیا سعوودیا و کوێت پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئیسرائیل نییە.
- دەبێ ئەو دەوڵەتانە سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیاندا بکەنەوە لەگەڵ چین و ڕووسیا. بۆ نموونە لە کۆتاییی ساڵی 2023، قەبارەی بازرگانیی نێوان چین و دەوڵەتانی عەرەبی، 431 ملیار دۆلار بوو؛ لەو ژمارەیە ڕێژەی 76.7%ی ئەو بازرگانییە لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیمانانی ئەمریکا و ئیسرائیل بووە؛ بۆ نموونە تەنیا 384 ملیاری لەگەڵ سعوودیا، ئیمارات، عێراق، عوممان، کوێت، قەتەر و، میسر بووە.
- هەڵکشانی زیاتری هاوکێشەی ململانێ لە نێوان ئەمریکا و چین و ڕووسیا لە کەنداو.
- بەدەرکەوتنی فرەچەشنی لە هاوپەیمانێتییە سیاسی و ئاسایشییەکان لە ناوچەکە.
- لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا؛ بەپێچەوانەوە دەوڵەتەکە مامەڵەی دوژمنی ئەمریکای دەرهەق دەکرێ.

کەواتە گەڕانەوەی ترامپ هەندێ دژواری بۆ دەوڵەتانی کەنداو دەنێتەوە، بەڵام هاتنەوەی مەترسیدار نییە لەسەریان، چونکە بەرژەوەندی و مانەوەی سیستەمە سیاسییەکان پارێزراوە.

**ئێران**

گەرچی لە سەرنجدان لە تەواوی هاوکێشەی ململانێی ناوچەکە، دەرکەوتووە ئەوەندەی کە ئێران هاوتەریب و هەماهەنگە لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژاوا، ئەوەندە هاوپەیمانی ڕووسیا و چین نییە، بەڵام پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی لەگەڵ ڕووسیا و چین، وەک کارتی گوشار وان بۆ سەر دەوڵەتانی ڕۆژاوا، تا لە ئاکامدا لەگەڵیدا ڕێک بکەون و قەرەبووی زیانەکانی گەمارۆکانی بۆ بکەنەوە.  بەڵام ململانێکان لەگەڵ ئێران دەگەڕێنەوە هەمان دۆخی جارانی سەردەمی ترامپی یەکەم، چونکە ئەوکات حکوومەتی ترامپ ئێرانی وەک دەوڵەتێک لە میحوەری جەنگ ئەژمار کردبوو و وەک بەربەست و دوژمن وا بوو لە بەردەم

بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە بەڵگەنامەی ستراتیژییەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بۆ ساڵی 2017ی حکوومەتەکەی ترامپ، 17 جار ناوی ئێرانی تێدا هاتبوو، وەک: پەرەپێدەری چەکی ناوکی، پشتیوانی و داڵدەدانی تیرۆر، مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە.

کە**واتە: ئایا ئێران لە بەرامبەردا چی دەکات؟** لە ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو لە پەیوەندییە خراپەکانی ئەمریکا و ئێران، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە: ئێران تا بۆی بکرێ، خۆی لە خزانەناو جەنگ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دەپارێزێ؛ تەنیا نمایشێک لە بەردەم ڕای گشتی بەسە کە گوایە دژ بەو دوو وڵاتەیە؛ کەمتر پەنا بۆ هەراسانکردنی ئیسرائیل دەبات. بەڵام لە ڕێگەی میلیشیا وەلائییەکانی سەر بە خۆی، هەوڵی گوشار بۆ سەر ئەمریکا دەدات، بەڵام کەمتر لە جاران. هەرچیشی بۆ بکرێ، هەوڵی وەستاندنی پەلاماری ئیسرائیل دژ بە حزبوڵڵا دەدات. خاڵە بەهێزەکانی ئێران لە دەرەوە زۆرترن وەک لە ناوخۆ، چونکە ئێران خاڵی بەهێزی لە ناوخۆدا زۆر کەم و لاواز بوونە. بەرەوپێشچوونەکانی ئێران بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا، لە سەردەمی دیموکراتەکان زۆرتر بووە وەک لە کۆمارییەکان.

**عێراق**

پێگەی عێراق لە ستراتیژییەتی ئەمریکادا زۆر گرنگە؛ ئەوان بە یەکێک لە کلیلەکانی هەژموونی دەزانن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق بەردەوام بوون، بەڵام کەم سات هەبووە بەردەوام بووبن لە سەقامگیری؛ هەڵبەزودابەزیان کردووە. ئەو گرنگییەیش زیاتر لە ساڵانی 2001 – 2015 زۆر بووە، بەڵام دواتر کەم بۆتەوە؛ بۆ نموونە بە سەرنجدان لە ناو و گرنگیی عێراق لە بەڵگەنامەی ستراتیژییەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ساڵی 2001 – 2021 کە دەکاتە بیست ساڵ، 112 جاران ناوی عێراق هاتووە و باس کراوە: سەردەمی بۆشی کوڕ 57 جار، ئۆباما 48 جار، ترامپ تەنیا 7 جار. هەر بۆیە لە سەردەمی ترامپ ئەوەندە بەبایەخەوە مامەڵە لەگەڵ عێراق نەکراوە. لەو 7 جارە، 6 جاریان لە بابەتی تیرۆر هاتووە، تەنیا یەک جار ناوی عێراق لەمەڕ پتەوکردنی پەیوەندیی هاوبەش هاتووە لەگەڵ عێراق. هەر لە ماوەی ئەو 20 ساڵەدا بۆش و ئۆباما و ترامپ بە 7 سەردان هاتوونەتە عێراق: 5 فەرمین ( بۆش 4 جار، ئۆباما 1)، 2 سەردانیشیان لەلایەن ترامپەوە بووە، کە هەردوو جارەکە نافەرمی بوون و تەنیا بۆ بەسەرکردنەوەی هێزەکانیان بووە لە عێراق.

هەر بۆیە ترامپ لە ماوەی سەرۆکایەتیی خۆی 4 ئامانجی لە عێراق هەبوو:

- عێراق بەرەیەکی جەنگی ناوەندییە بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کەواتە بەکارهێنانی هێز لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق، ئەگەرێک و بژاردەیەکی بەهێز و چاوەڕوانکراوە.
- پتەوکردنی پەیوەندییە هاوبەشە دوورمەوداکان لەگەڵ عێراق؛ ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمریکا نیازی چۆڵکردنی عێراقی نییە.
- سنوردانان بۆ هەژموونی ئیران لە عێراق بە هەر هۆکارێک بووبێت؛ کەواتە بۆ ئەو بابەتە هۆکارەکانی گوشار و بەکارهێنانی هێز چاوەڕوانکراوە دژ بە هەر گرووپێک کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە.
- بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی چین و ڕووسیا بەسەر عێراقەوە؛ لەمەدا گوشارەکان زۆرتر دەبن

و، پێویستە عێراق چاو بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین بخشێنێتەوە.

کەواتە ئەگەرەکانی هەڵکشانی هاوکێشەکان لە ساتی گەڕانەوەی ترامپ لە عێراق، بەرەو گرژی و بەکارهێنانی هێزی پتر دەبن.

**ئیسرائیل**

گەڕانەوەی ترامپ لە بەرژەوەندیی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل "ناتانیاهۆ"یە. ئەو وا وەسفی ترامپ دەکات بەوەی گەورەترین دۆستی ئیسرائیلە لە کۆشکی سپی. بە گەڕانەوەی، هاوکێشەی غەززە بەرەو ئاقارێکی ترسناک دەچێ و هیچ نەرمییەک بەرامبەر فەڵەستینییەکان نانوێنێ؛ بۆ نموونە کاتێک دەسەڵاتی فەڵەستینی "مامەڵەی سەدە"ی ڕەت کردەوە، لە واشنتۆن دەری کرد؛ هەر ئەو بوو کونسوڵخانەی لە تەلئەبیبەوە گواستەوە قودس؛ لە سەردەمی ئەو بوو چوار دەوڵەتی عەرەبی (ئیمارات، بەحرێن، مەغریب، سوودان) بڕیاری بەستنی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل دا. کەواتە ئێستا ئیسرائیل بەئاشکرا پەیوەندیی لەگەڵ 7 دەوڵەتی عەرەبی هەیە، بە میسر و ئوردنیشەوە، ئەویش دوای 8 جەنگ و ململانێ. هەمیشە سەرۆکەکانی ئەمریکا بەبایەخەوە ڕوانیویانەتە ئیسرائیل؛ بۆ نموونە لە ماوەی 50 ساڵی پێشوو ( 1974 – 2024 )، 14 جار سەرۆکەکانی ئەمریکا سەردانی ئەو وڵاتەیان کردووە وەک پشتیوانیدەربڕین (نیکسۆن 1، کارتەر1، بیل کلینتن 4، بۆشی کوڕ 2، ئۆباما 2، ترامپ 1، بایدن 3).

**کەواتە چی دەبێ؟**

- پاراستنی بەرژوەندییەکانی ئیسرائیل و برەوپێدانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- وەستانەوە و بەرگریی سەرسەختانە لە ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل.
- پاراستن و پتەوکردنی هەژموونی ئیسرائیل بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەوە لە هەموو ڕوویەکەوە.
- یەکلاکردنەوەی هاوکێشەی فەڵەستین لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل، ئەگەر بە گوشار بووبێ؛ بۆ نموونە لە مامەڵەی سەدەدا کە پێشنیارێکی ترامپ بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ فەڵەستینییەکان، گەرچی لەلایەن دەسەڵاتی فەڵەستینی و حەماسەوە ڕەت کرایەوە، بەڵام لەلایەن میسر و سعوودیا و ئوردنەوە کاردانەوەی ئەرێنییانەی دەرهەق کرا.
- گوشارکردن بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل لەلایەن دەوڵەتانی تری عەرەبی، ئەویش بۆ گۆڕینی پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی نافەرمی بۆ ئاستی فەرمی لەسەر ئاستی حکوومەتەکان؛ بەمەیش مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتی جوولەکە لە ناوچەکە ئاسایی دەبێتەوە و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیش لەگەڵیدا پتەوتر دەبن.

**هەرێمی کوردستان**

لە ڕوانگەی ئەو دیفاکتۆیەی کە باسمان کرد، دەتوانین ئەوەی کە پەیوەستە بە هەرێمی کوردستانەوە، وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی، بڵێین:

- دەبێ هەرێمی کوردستان لەوە حاڵی بێ کە مامەڵە لەگەڵ کەسێکی پۆپۆلیستیدا دەکات. لەو بارەیەوە دوو هۆکار سەرەداوی بابەتەکەن: تەنیا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ڕەچاو دەکرێن؛

ئەمریکا لە ڕووی ئابووری و ئاسایشەوە چەندی دەست دەکەوێ. لەو بارەیەوە گرنگیدان بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان کارێکی دروستە.

- خزاندنی هەرێمی کوردستان بەهۆی هاوکێشە دژوارەکانەوە بۆ ناو ململانێکان، ئەگەرێکی هەستیارە. دەبێ هەرێم دانایی خۆی بەکار بێنێ. هەرێم تەنیا دەبێ لە هاوکێشەی دژ بە تیرۆر چالاک بێت کە لە بەرژوەندیی هەرێمە و جێی مەترسیی دەوڵەتانی ناوچەکە نییە.
- دەبێ هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدا بێت لە ڕووی دیپلۆماسییەوە ئەوە بە ئەمریکا بسەلمێنێ کە هەندێ لە بەرژەوەندییەکانی لە هەرێمی کوردستانن. هەر بۆیە نابێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا ڕوو لە ساردبوونەوە بکەن.
- ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئاسایشەوە سەرلەنوێ ئەکتیڤ دەبنەوە؛ سەرلەنوێ ناساندنەوەی هەرێم بە ئەمریکا کارێکی پێویستە؛ دەنا پێوەری دیموکراسی و مافی مرۆڤ هێندە لای ترامپ بەبایەخ نییە.
- هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم؛ چونکە ترامپ زۆر جەخت لەسەر سەقامگیریی بازاڕی وزە دەکاتەوە و گوشاریش دەکات بۆ دابەزاندنی نرخی نەوت.
- پتەوکردن و گردبوونەوە و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی نیشتمانی، کارێکی پێویستی قۆناغەکەیە.
- بەردەوامبوون لە پرۆسەی چاکسازی لەسەر ئاستی دیموکراسی و دامەزراوەییەوە کارێکی ئەرێنییە.
- سەقامگیریی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا، هاوتەریبە لەگەڵ سەقامگیریی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئێران.
- هەوڵدان بۆ بەئاکامگەیاندنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە باشترین و سەرکەوتووترین شێوە؛ چونکە هەرێم لەوێوە دەتوانێ سەرلەنوێ: ڕەوایەتیی دەمەزەرد بکاتەوە، پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ خۆی بەفەرمی بهێڵێتەوە، مانەوەی هەرێمی کوردستان وەک واقعێکی دەستووری و پێویستیی نەتەوەیی بسەلمێنێتەوە.
- ترامپ زۆر ئارەزووی مامەڵە لەگەڵ کەسەکاندا دەکات نەک دامەزراوەکان. ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم سەرلەنوێ دەبێ بەبایەخەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، چونکە دوای هەڵبژاردنیش پرسی پێکهێنانی حکوومەت لەبەر ململانێ و ناکۆکیی لایەنەکان کاتی زۆرتری لە جاران دەوێ، بەتایبەت لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- بارودۆخی ناوچەکە و عێراق بەرەو هەڵکشان دەچێ؛ دەبێ هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە هۆشیار بێت و، پێگەی خۆی لەبەرچاو بێت.
- هێشتنەوەی پەیوەندییەکانی بەپتەوی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو و ئوردن و تورکیا؛ کە هەموویان لە خولگەی سیاسیی ئەمریکا دەسووڕێنەوە.
- ترامپ کەسێکی میزاجییە و توانای دانیشتنی فەرمیی کەمە؛ هەر بۆیە هەرێم لە ساتی پەیوەندی لەگەڵیدا دەبێ دەرفەتی گونجاو بێنێ و زەمینەسازی بۆ بکات، بەو مانایەی دەبێ کۆدەکانی میزاجدروستیی ترامپ بدۆزێتەوە و لە دەرفەتی گونجاودا هەلەکان بقۆزێتەوە. بۆ نموونە کاتێک بازرگانێک دەبێتە سیاسەتمەدار یان سەرۆکی وڵات، دەبێ بە دوای چیدا بگەڕێت، یان بییەوێت چی دەست بکەوێت؟